The Center of Halabja
against Anfalization and
Genocide of Kurdish People

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و
ژینۆسایدی گەلی کورد - چاک

www.chak.be

Chak_org@yahoo.com

# وێڕای قەرەبوکردنەوە , پێویستە تەواوی ئەنجامدەرانی دادگایی بکرێن

هەروەك لای هەموان ئاشکرایە دەڤەری پشدەر بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی پێگەیەکی گرینگی خەبات وتێکۆشان و مەڵبەندی بزووتنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بووە لەو سەردەمانەی کەڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەئاگرو ئاسن ولاتیان بەڕێوەبردووە و ئامادە نەبوون دان بەمافە سیاسی ونەتەوەییەکانی گەلی کورد دابنێن. خەڵکی بەئەمەك و ماندونەناسی ناوچەی پشدەر بەشێکی گرنگ ودانەبڕاو بوون لە ڕەوڕەوەی کاروانی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی کوردایەتی و هەڵوێستی جوامێرانەشیان لەقۆناغەجیاجیاکانی خەباتی شاخدا د یارو بەرچاو بووە و مێژووش بەشانازیەوە لەدوو توێی لاپەڕەکانی خۆیدا تۆماری کردوون.

بەلاّم مەخابن خەڵکی ئەو دەڤەرە دوای چەشتنی تامی دەیان کارەسات و ماڵوێرانی لەسەردەستی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی ڕژێمی ڕوخاوی بەعس و پاش تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ بەسەر ئەزموونی حوکمڕانی کورد لەباشووری کوردستان تا هەنوکە وەك پێویست لەبەری ڕەنجی خەبات و تێکۆشانیان سوود مەند نەبوون و وەك پێویست لەلایەن دەسەلاّتدارانی ئەوهەرێمە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە.

ڕژێمی ڕووخاوی بەعس لەماوەی دەسەلاّتی خۆیدا چەندین کارەسات و ماڵوێرانی وکاولکاری بەسەردەڤەری پشدەردا هێناوە کە تائێستاش دەرهاویشتە نیگەتیڤەکانی ئەم کارە ساتانە بەسەر ناوچەکانی پشدەرەوە ماون, ڕاگواستنی تەواوی دانیشتوانی ناوچەی پشدەر لە 25-6- 1989 و جێگیرکردنی خەڵکەکە لەئۆردوگا زۆرەملێکانی نزیك هەولێرو سلێمانی مەترسیدارترینی ئەوکارەساتانە بوو کەخەڵکی ناوچەی پشدەر ڕوو بەڕووی بوونەوە. ڕژێمی ڕوخاوی بەعس بەم هەنگاوەی جیا لەوەی ویستی پێگەی شۆڕشەکانی کورد لەو دەڤەرە لاوازبکات, هاوکات بەوکارەشی زیانێکی گەورەی بەکەرتی کشتوکاڵی کوردستان وژینگەی ولاّت و بنەمای ئابووری خەڵکی ناوچەکە گەیاند.

ڕاگواستن و پاکتاوی دانیشتوانی پشدەر پیلانێکی هێندە گلاّو و مەترسیداربوو کەبۆچەندین ساڵی تر ئاسەوارو دەرەنجامە خراپەکانی ئەوپڕۆسە بەدناوە بەسەرئەودەڤەرەوە هەردەمێنێ. قەرەبوو کرنەوەی زیانەکانی خەڵکی ناوچەکە و جێبەجێ کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و درێژ کردنی دەستی هاوکاری وئاوەدانی هەردووحکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەتوانێ زیان و کاولکاری سەر ناوچەی پشدەر کالّ تارادەیەکی گونجاو کەمکاتەوە.

هەربۆیەئێمە لێرەدا ڕووی داوامان دەکەینە هەردوو پەرلەمانی عێراق و کوردستان و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ئاوڕی جدی لەو دەڤەرە بدەنەوەو هەنگاوی پێویست بەئاراستەی ئاوەدانکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەودەڤەرە پشت گوێ خراوە بنێن وخەمەکانی سەرشانیان کەم کەنەوە. هەروەك جێی خۆشیەتی کەلێرەدا ئەوە بەبیر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بێنینەوە کە پێویستە کار بۆ جێبەجێکردن و هێنانەدی هەموو ئەو بەڵێنانە بکەن کەلەسالاّنی ڕابردوو دا لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا بەخەڵکی ئەودەڤەرەیان داوەو تاهەنووکە جێبەجێ نەکراون. هەروەك خوازیاریشین کە پەرلەمانی عێراق بەتایبەت نوێنەرانی کورد لەوئەنجومەنە دڵسۆزانە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی ئەم تاوانە کە لە دوای تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال ئەنجامدرا، وەکو تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سەیر بکرێت و لە

دادگای باڵای تاوانەکان دۆسیەی تایبەتی بۆ بکرێتەوە, ئەنجامدەرانی دادگایی بکرێن, بە دوایدا خەڵکی دەڤەرەکە قـەرەبوو بکرێنەوە لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە.

ناوەندی چاك – کۆمیتەی قەڵادزێ
2008/6/26
www.chak.be
www.chaknews.com

وێنەیەك بۆ:

- سەرۆکایەتی کۆماری عێراق
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
- ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق
- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان
- دادگای باڵای تاوانەکان